له سکرتاریەتی کۆمیتە مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە...

## پلینیۆمی 15 ی کۆمیتەی مەرکەزی سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

لە ڕۆژەکانی 22 و23/ 11 پانزەهەمین پلینومی کۆمیتەی مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە نێو فەزایەکی پڕ لە شوڕ وشەوقی ئامادەبووان کە پێکهاتبوون لە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و دەیان کەس لە کادرەکانی حزب لە شارەکانی بەغداد و ناصریە و کەرکوك و سلیمانی و هەولێر و ڕانیە، بەسترا. بۆ ئەم پیلینۆمە وەفدێکی ڕەسمی حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئیران ـ حکمەتیست بەشدار بوون کە پێکهاتبوون لە ( **فاتح شیخ** ) ڕەئیسی دەفتەر سیاسی حزب و ( **عبدالله شریفی** ) ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حزب. شایانی باسە **هاوڕێ فاتح** لە دەستپێکی پیلینۆمدا ووتارێکی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد کە مایەی دڵگەرمی تەواوی ئامادەبووان بوو.

پیلینۆم وێڕای ئەوەی لە هەل‌ومەرجێکی تایبەت و حەساس بەڕێوە چوو کە چ لە ئاستی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری وچ لە ئاستی کۆمەڵگەی عیراق و ناوچەکە توند پێچی گرنگ و چارەنووس سازی بەخۆیەوە بینیوە، لە ڕووی ژمارەی ئامادەبووان و شوروشەوق و ئومێدێکیشەوە کە فەزای کۆبوونەوەکانی داگرتبوو بێ وێنە بوو.

پیلینۆم دوای دوو ڕۆژ لە باسی چڕ وپڕ سەبارەت بە پێشهاتە تازەکانی هەل ومەرجی سیاسی عیراق وکوردستان وپەسەند کردنی چەند تەرح و نەخشە وبڕیارنامەی بایەخدار لەوانە تەرحی تەواوکار بۆ ئصولەکانی ڕێکخستنی حیزب و چەند بڕیارنامە لە پەیوەند بە جیابوونەوەی ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و سیاسەتی دژایەتی‌کەرانەی ئەو حزبە بەرامبەر حککع، پیلینوم بە هەڵبژاردنی ڕێبوار ئەحمەد بە تێکڕای دەنگ وەك لیدەری حزب و هەڵبژاردنی 14 ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. مەکتەبی سیاسی کە پێکهاتووە لە هاوڕێیان ( **موئەیەد احمد، تاهر حسن، ناسك احمد، فارس محمود، خسرو سایە، شمال علی، ئەمجەد غفور، سامان کریم، زمناکو عزیز، سمیر عادل، کاژاو جمال، نادیە محمود، ئازاد احمد و رعد سلیم** ) لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ ئەمجەدی غفوری بە سەرۆکی مەکتەب سیاسی هەڵبژارد.

2004 / 12 / 4